ئەکادیمیای کوردی
KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٧ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل لیزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، ئەکادیمیای کوردی دەری دەکات، بایەخ بە توێژینەوەی ڕەسەن و پێشکەوتوو لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا ، فۆلکلۆر، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، زانستی کردەکی، توێژینەوەی بەراوردکارانە، نێوان بوارە زانستییەکان، فەرهەنگناسیی کوردی، کولتووری کوردی بەگشتی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ڕەسەنەوە، بایەخێکی زۆر بە کێشەی زاراوەسازی لە هەموو ئەو بوارانەدا دەدا. ئەم گۆڤارە توێژینەوە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، درێژەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردییە کە پێشتر لە سەردەمی کۆڕی زانیاری کوردیدا دەردەچوو، چەندان نووسەر و توێژەری پێشکەوتووی کورد کاریان تێدا دەکرد و بەرهەمی ڕەسەنیان تێدا بڵاودەکردەوە.

ئەمڕۆش، ئەم گۆڤارە، بە هەمان ڕوانینی ڕەسەن و وردەکارانەوە، لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئاستی توێژینەوەی زانستی لەو بوارانەدا، درێژە بە خزمەتی خۆی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، خواست و هیوای زۆری هەیە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا، گەشە بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی توێژینەوەی کوردی بدات، بە تایبەتی لە ڕووی نوانەسازی و ئاماژەپێوی ئاستێکی ئەکادیمیی جیهانی بەدەست بهێنێت. ئامانجی ئەم گۆڤارە، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی ڕەسەن و پێشکەوتووە، ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاو بووەتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە و بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

# مجلة الاكاديمية الكوردية

العدد ٦٧ – ٢٠٢٦
مجلة علمية فصلية

(رئيس الاكاديمية الكوردية و صاحب الامتياز)
**حەمەسەعید حەسەن**

رئيس التحرير
**أ. د. محسن احمد عمر**

مدير التحرير
**د. بخشان فهمی فرحو**

هيئة التحرير
أز د. قيس كاكل توفيق
أ. د. بختيار سجادى
أ. د. فرهاد قادر كريم
أ. م. د. احمد محمد مام عثمان
أ. م. د. عبدالواحد ادريس شريف
أ. م. د. نوزاد احمد اسود
د. لزكين عبدالواحد احمد

هيئة المستشارين
أ. د. ميشيل ليزنبيرك
أ. د. مارتن فان برونسن
أ. د جليل جليلى
أ. د. سالح اكين
أ. د. جعفر الشيخ لاسلامى
أ. د. عبدالرحمن اداك
أ. د. هاشم احمدزادة

اربيل/ شارع هەلەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

## مجلة الأكاديمية الكوردية

هذه مجلة علمية موسمية تصدر عن الأكاديمية الكوردية. تسلط الضوء على الأبحاث الأصيلة والمتقدمة في مجالات اللغة والأدب والتاريخ والجغرافيا والفلكلور وعلم الاجتماع والفلسفة والعلوم التطبيقية، بالإضافة إلى الدراسات المقارنة والمتعددة التخصصات. تولي مجلة الأكاديمية الكوردية أهمية كبيرة لمسألة المصطلحات في جميع هذه المجالات، لا سيما من خلال نشر الأبحاث الأصيلة. تنشر المجلة بحوثا بالكوردية والعربية والإنجليزية. وهي امتداد لمجلة المجمع العلمى الكوردي، التي كانت تصدر سابقا في إطار هذا المجمع. وقد ساهم فيها العديد من المؤلفين والباحثين الكورد المعروفين ونشروا أعمالا أصيلة.

تواصل هذة المجلة المهمة نفسها من خلال إثراء وتحسين مستوى البحث العلمي في جميع المجالات. يهدف مجلة الأكاديمية الكوردية إلى رفع المستوى العلمي والأكاديمي للبحث الكوردي في المستقبل القريب وتحقيق شهرة دولية من حيث الفهرسة. ولذلك، فإن هدف المجلة هو نشر بحوث علمية مبتكرة ومتقدمة للغاية. نشرت العدد الأول من المجلة في سنة ٢٠٠٢. مجلة الأكاديمية الكوردية معتمدة من قبل وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في حكومة إقليم كوردستان ومعترف بها للترقيات العلمية.


* منسق شؤون المجلة: ئيمان نەجات ئاغۆک
* اخراج الفني: هەرێم عوسمان
* موقع مجلة الأكاديمية الكوردية:
Web: journal.ka.gov.krd


* البريد الكتروني: journal@ka.gov.krd
* موبايل: 009647508375575

وەرگرتن: ٢٠٢٥/١١/١٨
پەسەندکردن: ٢٠٢٦/٢/٢٣

# ڕۆڵی میتاگوتار لە پرۆگرامی دەقە زانستییە پەروەردەییەکاندا

م. هێرش چەتۆ حسین
پەروەردەی پشدەر
Hersh.441123002@uor.edu.krd

پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
زانکۆی سۆران
Qais.kakl@soran.edu.iq

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی میتاگوتار لە پرۆگرامی دەقە زانستییە پەروەردەییەکاندا)، هەوڵێکە بۆ ناساندن و خستنە ڕووی جۆری مۆرکەکانی میتاگوتار، کە پێکدێن لە مۆرکە (تێپەڕەکان، چوارچێوەییەکان، دەقە ئاماژەییەکان، بەڵگەییەکان، ڕاڤەکاری ڕەمزەکان، پەرژینییەکان، هێزدەرەکان (جەختکەرەوەکان)، تێڕوانینییەکان، خۆئاماژەکان و مۆرکە بەشدارییەکان). دەشێت ئەم مۆرکانە ڕۆڵێکی کاریگەرییان لە کردەی پەیوەندیکردن و تێگەیشتن لەنێوان مامۆستا و قوتابیدا هەبێت، تا بتوانێت پەیامی دیاریکراو بگاتە لای وەرگر، کە قوتابییە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوەی کردووە، کە میتاگوتار کاریگەری لە گەیاندنی پەیامی پەروەردە و فێرکردندا لە چێوەی دەقسازییدا هەیە و کاریگەری و کارتێکردن لەسەر قوتابی دروست دەکات، بەتایبەتی لە ناوەرۆکی کتێبی (زانست بۆ هەمووان). کە ئەم ناوەرۆکانە لە ناونیشان یان وێنە یان زاراوە،... کاتێک دەبنە میتاگوتار کە لە چوارچێوەی دەقێکی زانستیی دیاریکراودا ڕوونکردنەوە و ڕاڤەی خۆی زیاتر بۆ قوتابی بخەنەڕوو. هەروەها سنووری توێژینەوەکەش خۆی لە بابەتە زانستییەکاندا بەتایبەتی (زانست بۆ هەمووان) پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی دەبینێتەوە، بە جۆرێک پشتی بە ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) بەستووە و لەو ڕێگەیەوە، دەیەوێت میتاگوتار لە دەقە زانستییە پەروەردەییەکاندا ڕوونبکاتەوە.

وشە کلیلییەکان: میتاگوتار، دەقی زانستیی، کارتێکی، کارلێکی، ناوەرۆکی کتێبی خوێندن.

## پێشەکی

مێتاگوتار، گوتار لەبارەی گوتارە یان قسەکردنە لەبارەی قسەکردنی خود، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کەرەستە زمانییانەوە دەبێت، کە نێرەر دەقەکەی خۆی پێ شرۆڤە دەکات، تا کاریگەرییان لەسەر وەرگرتن و پێشوازیکردن لە دەقەکەدا هەبێت. بۆیە توێژینەوەکەمان بۆ ئەم مەبەستە بە ناونیشانی (ڕۆڵی مێتاگوتار لە پرۆگرامی دەقە زانستییە پەروەردەییەکاندا) تەرخانکردووە، هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە دەشێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەوانەی لە بواری دانانی پرۆگرامی دەقە زانستییەکاندا دەنووسن و ببێتە بەرچاوڕوونییەک بۆ دانانی پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن. لەلایەکی تریشەوە، بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت شەنوکەوی دەقە زانستییە سروشتییەکان بکەن.

بۆیە ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات وەڵامی هەندێک پرسیار پەیوەست بە مێتاگوتار و پرۆگرامی دەقە زانستییەکان بداتەوە، وەک: مۆرکەکانی مێتاگوتار لە دەقە پەروەردەییە زانستییەکاندا، تا چەند کاریگەری لە گەیاندن و کردەی تێگەیشتن لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەیە؟ ئایا مێتاگوتار لە ناوەڕۆکی پرۆگرامی کتێبی خوێندنی بابەتی (زانست بۆ هەمووان) ڕۆڵی لە ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی کردەی پەیوەندیکردن و تێگەیشتنی نێوان قوتابی و مامۆستادا هەیە؟ ئایا زاراوە و ناونیشان لە چ کاتێکدا دەتوانرێت وەک مێتاگوتار ئەژماربکرێن؟ ئایا لە پەروەردەی مۆدێرندا فێرکردن و فێربوون لە ڕێگەی ڕستە یان دەقەوەیە؟ هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی ڕێبازی (وەسفی و شیکاری) بەکارهێنراون، لە چێوەی پرۆگرامی پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی پرۆگرامی زانستیی (زانست بۆ هەمووان)ی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکەش جگە لە پێشەکی و پێشینە و ئەنجام لە چوار بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم بە ناونیشانی (ناساندنی مێتاگوتار)، لە یەک تەوەرە پێکهاتووە بە ناوی (مۆرکەکانی مێتاگوتار). بەشی دووەم بە ناونیشانی (ڕۆڵی مێتاگوتار لە دەقە پەروەردەییەکاندا) لە چوار تەوەرە بە ناوی (ڕێنماییکردن و ڕێکخستنی ئاوەزمەندیی قوتابی، دروستکردنی هەستی وتوویژ و سۆزی قوتابی، بەهێزکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، ڕوونی لە دەقی زانستیی) پێکدێت. بەشی سێیەمیش بە ناوی ( ناوەڕۆکی پرۆگرامی کتێبی خوێندنی بابەتی زانست بۆ هەمووان) لە چوار تەوەرە بە ناوی (ناونیشان، زاراوە و پێناسە، وێنە، ڕستە و دەق) پێکهاتووە. لە کۆتاییشدا، پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبیی و ئینگلیزیی خراونەتەڕوو.

## پێشینە

سەرەتای دەرکەوتن و بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ زمانناسی ئەمریکیی " زیللیک هاریس"، کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩٥٩)زایینی ئەم زاراوەیەی داهێنا و بەکاریهێنا. کە ئاماژەی بە مێتاگوتار کردووە، وەک؛ هەناوی زمان کە باس لە مادده و کەرەستە سەرەکییەکانی دەکات. (Crismore: 1989: 464). لە دوای ئەوە، توێژینەوەکان لە بواری مێتاگوتاردا کاریگەری لەسەر مێتائەرکەکانی وەک؛ دەقیی، پەیوەندیی بیریی و پەیوەندیی نێوانکەسیی هەبووە، کە هالیدەی و حەسەن (١٩٧٦) پێشنیازیان کردووە. (Yasmin 2018 :36).

پاشان مۆدێل و تیۆری مێتاگوتاریی جۆراوجۆر لەلایەن توێژەران و زمانەوانانەوە پەرەیان پێدراوە؛ کە سوودیان لەم مێتائەرکانەی زمان وەرگرتووە. وەک: "شیفێرن (Schiffern 1980). کە شیفێرن دوو ئەرکی پەیوەندیکردن، واتە ئەرکی هەڵسەنگاندن و ڕێکخستن لە بواری مێتاگوتاردا دەخاتەڕوو، کە ئەم ئەرکانە خزمەت بە ئامانجی خستنەڕووی گوتار دەکەن. (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣٩).

دواتر، تیۆرێکی تر بەناوی تیۆرییەکەی: "ڤاندی کۆپڵ (Vande Kopple 1985) خرایەڕوو، کە لەگەڵ پۆلێنکردنی مێتاگوتار هاتە پێشەوە. ئەمیش حەوت جۆر تایبەتمەندیی مێتاگوتار لەخۆ دەگرێت، وەک ڕەوتێکی نێوانکەسیی و نێواندەقیی سەیر دەکرێن. (J.& Kopple 2012 :82-92). لە دوای ئەوە، پۆلکردنێکی تری تیۆری مێتاگوتار لەلایەن کریسمۆرەوە (Crismore 1989 ) خراوەتەڕوو، کە لە دوو پۆل پێکهاتووە: یەکەم؛ تێڕوانینیی و دووەم زانیاری. پۆلی تێڕوانینی؛ دەستەواژە پەرژینییەکان، جەختکردنەوەکان و هەڵسەنگاندنەکان لەخۆ دەگرێت، لە کاتێکدا پۆلی زانیاری؛ ئامانجەکان، بابەتی و پلانەکانی پێش و دوای دەقەکە دەگرێتەوە. ئەم پۆلێنکارییانە هاوشێوەی ئەرکە نێوانکەسییەکان و ئەرکە دەقییەکانی زمانن. (Yasmin 2018 :38).

پاشان پۆلێنبەندییەکی تر لەلایەن کریسمۆر و هاوکارانی (١٩٩٣) پەرەی پێدراوە. کە لە دوو ئەرکی سەرەکی پێکدێت: نێوانکەسیی و دەقیی. نێوانکەسییەکان پێکدێن لە مۆرکە (تێڕوانینییەکان، دەستەواژە پەرژینییەکان، لێدوانەکان، دانەپاڵەکان) و مۆرکە دەقییەکان ( لێکبەندی لۆجیکی، کاتیی دانـەدەم، لوتکەسازی، بیرهێنەرەوە، ڕاڤەکاری ڕەمزەکان، مەبەستدارەکان و ڕاگەیاندن) دەگرێتەوە. (Crismore& Etal 1993 :47-54).

تیۆرێکی تر کە لە ساڵی (٢٠١٠) لە لایەن " ئادڵ Ädel)ەوە خرایەڕوو، لە لە دوو پۆلی سەرەکیدا پۆلێنکراوە: مێتادەقیی و کارلێککردن لەگەڵ خوێنەردا. (Ädel: 2010: 70-93). کە دیاردەی مێتادەقی پەیوەندییەکی نزیکی بە کارکردنی دەقە لاوەکییەکانەوە هەیە، چونکە هەر دەقێک سەر بە پۆلی دەقی دووەمە، بۆیە مێتادەق لە زمانەوانییدا بریتییە لە پێناسەی ئەو دەقانەی، کە دەربارەی یان لە ئەنجامی تێگەیشتن لە دەقەکانی تردا سەرهەڵدەدەن. (Khorosheva&Eatl: 2021: 1-2). کارلێککردن لەگەڵ خوێنەریش؛ پرۆسەیەکە، نێرەران هەوڵدەدەن پێشبینی جیاوازی بیروبۆچوون بکەن و ئەرگومێنتەکانیان بە گوێرەی گریمانەکانی کۆمەڵگەی دیسپلین پێشکەشبکەن. مێتاگوتار بۆ دیاریکردنی ئەم کارلێکردنە زۆر بەسوودە و یارمەتی نێرەر دەدات. (Aziz&Riaz 2024: 46).

بنیاتنان لەسەر پۆلێنکردنەکانی پێشووی مێتاگوتار، لە "ڤاندی کۆپڵ"ەوە تا "ئادڵ" پاشان مۆدێلی "هایلاند-١٩٩٨-٢٠٠٤- ()٢٠٠٥"و ٢٠١٩؛ لە دوو ڕەهەندی سەرەکی پێکهاتوون، ئەوانیش بریتین لە بواری کارتێکی و کارلێکی.(Ren&Wang 2023: 4). بۆیە "هایلاند"[١] بۆ یەکەم جار هەموو لایەنەکانی کارلێکی نێوان نوسەری دەقەکە و خودی دەقەکە و هەروەها نوسەری دەقەکە و خوێنەری دەقەکەی پێناسە و پۆلێنکرد، کە پێیوابوو؛ توێژەر لە چوارچێوەی مێتاگوتاردا دەتوانێت لە بازنەی دەق و گوتار تێپەڕێت و دەق وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی شیبکاتەوە. (فامیان و کارگر، ٢٠١٣، ٣٧-٥٢).

لە زمانی کوردیشدا، تا ئێستا وەک توێژینەوە و نامەیەکی سەربەخۆ لەسەری نەنووسراوە، تەنها لە نامەیەکی دکتۆرادا بەناوی (فەیسەڵ، سروە

(٢٠٢٢) هێزی زمان لە گوتاری سیاسیی کوردییدا شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سـۆران: ١٦٥ ) لە چێوەی دەقئاوێزانی ئاشکرا، لە (٦) دێڕدا باسی مێتاگوتاری کردووە و دەڵێت: مێتاگوتار قسەکردنە لەسەر قسەی خۆت.

بە کورتی: مێتاگوتار بریتییە لە ناردنی ئاماژەی زیاتری نێرەر بۆ ڕوونکردنەوەی گوتەکانی خۆی، لە بۆتەی ئەو کۆمەڵەیەی تێیدا دەژێت، تا کردەی پەیوەندیکردن لە سیاقێکی دیاریکراودا لە نێوان خۆی و وەرگردا سەرکەوتووبێت.

## ١- ناساندنی مێتاگوتار

مێتاگوتار تێگەیشتنە لە دەق لە چوارچێوەی تێگەیشتنی مەبەست و نیازی نێرەر بۆ وەرگر لە ڕێگەی ئەو کەرەستە زمانییانەی، کە نێرەر لە دەقێکدا گوتنەکانی پێ ڕووندەکاتەوە. بۆیە " داڤید کریستاڵ'' بەم شێوەیە پێناسەی مێتاگوتاری کردووە، کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی گوتار بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی لە ڕێکخستنی یان پێشکەشکردنی دەقێکدا، بەکاردەهێنرێت، کە یارمەتی خوێنەر بۆ لێکدانەوە یان هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکەکەی دەدات، ئەم تایبەتمەندییانە تایبەتن بە ڕێکخستن و ڕوونکردنەوەی زیاتری دەقێک، وەک: وشە و دەستەواژە پەرژینییەکان، بەستێنەرەکان، پەیوەندی نێوانکەسیی، نیشانە ئاماژەدارەکان، تایبەتمەندییەکانی گفتوگۆ.... (کریستاڵ: ٢٠٠٨: ٣٠٢).

زمانەوانێکی دیکە، بەناوی "Avon Crismore'' لە پێناسەی مێتاگوتاردا دەڵێت: مێتاگوتار گوتارێکە لەبارەی گوتارەوە کە نێرەر و وەرگر ئاراستە دەکات بەرەو تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست، ئەمەش هەر لە چوارچێوەی ڕەگەزە زمانییەکانی ناو دەقەکە دەبێت و بەبێ دەرچوون لە چوارچێوەی دەقەکە و لە ڕێگەی ڕێکخستنی خودی گوتارەکە ئاراستەی وەرگر دەکرێت. (Crismore 1984: 280). واتە؛ هەر لە چوارچێوەی ناو دەقەکە لە ڕێگەی کەرەستە زمانییەکانەوە، دەبێت نێرەر گوتارەکەی زیاتر ڕوونبکاتەوە، تا بتوانێت بە باشترین شێوە ئاراستەی وەرگری بکات، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەی کە لەناو هەناوی دەقێکدا لە نێوان نێرەر بۆ وەرگر دروستدەبێت. هەروەها " William J.&Vande Kopple''یـش، هەمان پێناسەیان بە کورتی بۆ مێتاگوتار کردووە، کە دەڵێت: مێتاگوتار گوتارە لەبارەی گوتار. (J.& Kopple 2012: 38).

بەڵام "هایلاند و جیانگ" بۆ مێتاگوتار دەڵێن: مێتاگوتار لێدوانێکە لەسەر دەقێک، کە لەلایەن بەرهەمهێنی دەق خۆیەوە لەمیانەی قسەکردن یان نوسین دروستکراوە و هەندێک شت دەخاتەڕوو، کە چۆن پەیوەندیگرتنی ڕەفتاری کەسایەتی و هەڵوێست و گریمانەکانی ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندیدەگرن، چوارچێوەیەکیش بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیگرتن وەک؛ بەشداربوویەکی کۆمەڵایەتیی پێشکەشدەکات و یارمەتیدەرە بۆ دەرخستنی ئەوەی کە نێرەران ڕەچاوی وەرگرەکانیان لە دروستکردنی دەقێکدا بکەن. (Hyland& Jiang 2022: 1).

لە کۆی ئەو پێناسانەی خرانە ڕوو، دەربارەی مێتاگوتار، هەر لە "کریستاڵو ویلیامس- ڤاندی کۆپڵو کریسمۆر'' گشتگیرییەک لە پێناسەکانیاندا بەدیدەکرێت، چونکە ناساندنەکانی هەموویان لە چوارچێوەی گوتار لەبارەی گوتارە یان قسەکردنە لەبارەی قسەکردن، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کەرەستە زمانییانە دەبێت، نێرەر دەقەکەی خۆی پێ شرۆڤە دەکات، تا کاریگەرییان لەسەر وەرگرتن و پێشوازیکردن لە دەقەکەدا هەبێت. واتە، ڕوونکردنەوەکانی نێرەر بۆ پەیامەکەی خۆی لە

چوارچێوەی تێگەیشتنی ناوەکی دەق دەبێت. بۆیە هەموویان لەوەدا هاوڕان، کە کەرەستە زمانییەکان هەوێنی دروستبوونی مێتاگوتارن و لەو ڕێگەیەوە کاریگەرییان لەسەر وەرگرتنی دەق هەبێت و تێگەیشتنی دروست بۆ وەرگر مسۆگەر بکات.

بەڵام جگە لە کەرەستە زمانییەکان کە ڕێگەیەکن بۆ دروستبوونی مێتاگوتار، "هایلاندو جیانگ ٢٠٢٢'' باس لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو و سیاقێکی دیاریکراو بۆ بەدەستهێنانی ئامانج دەکەن و ئەوانە چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن وەک؛ بەشداربوویەکی کۆمەڵایەتیی سەیردەکەن. بە گوتنێکی دی، جگە لە کەرەستە زمانییەکانی وەک؛ (وشە و دەستەواژە پەرژینییەکان، خۆئاماژەکان، بەشدارییەکان و ڕاڤەکاری ڕەمزەکان....)، دەبێت سیاقێکی دیاریکراومان لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراودا هەبێت، بۆئەوەی کردەی تێگەیشتن جگە لە نێرەر و وەرگر وەک بەشداربوویەکی سەرکەوتوویی کۆمەڵایەتیی پەیوەندیگرتن بەدەستبهێنرێت. واتە، دەبێت پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر تەنها بەندکردنی دەقی نەبێت، بەڵکو دەبێت بەندکردنی واتاییش بێت. بەواتایەکی دی، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر سەرکەوتووبێت، لە یەک کاتدا دەبێت بەندکردنی دەقی و واتاییش لەخۆبگرێت.

بۆ نمونە(ژ.١): ((ڤیدۆیەکی نوێی ساتی شۆفێریکردنی "ڤلادیمێر پوتین'' بە نوێترین براندی ئۆتۆمبیلی (لیمۆزینی ئاورس) ی گرانبەهای ڕووسیی لە (پیۆنگیانگ) لەگەڵ "کیم جۆنگ ئون'' سەرۆکی کۆریای باکور)). (ستاندارد کورد ٢١-٥-٢٠٢٤). لەم نمونەیەدا، جگە لە کەرەستە زمانییەکانی مێتاگوتار (لەگەڵ)، پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر سەرکەوتووە، چونکە باس لە بابەتێک دەکات؛ کە بەپێی ئێستا و باروودۆخ ڕاست ودروستە. خۆ

ئەگەر لە زەمەنی ئێستادا ئەم نمونەیە ئاوا لێبکەین: (ڤیدۆیەکی نوێی ساتی شۆفێریکردنی "ڤلادیمێر پوتین'' بە نوێترین براندی ئۆتۆمبیلی (لیمۆزینی ئاورس) ی گرانبەهای ڕووسیی لە (کیێف) لەگەڵ ڤۆلۆدیمێر زیلینیسکی'' سەرۆکی ئۆکرانیا)، بێگومان پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر سەرکەوتوونییە، چونکە بەپێی زەمەنی ئێستا و باروودۆخ و ڕووداوەکان، نەیتوانیوە وەرگر بە زانیارییەکانی ڕازی بکات، تا پەیوەندییان لە نێوان دروستبێت، بەمەش بەندکردنی واتایی ڕوونادات. بۆیە بەهای زمان و کاریگەریی وتنەکان کاتێک دەبێت، کەڕاست بن. واتە، کاتێک دەربڕینێک، هەواڵێک، ناڕاست و نالۆجیکی بێت نەک کاریگەری و توانای ڕازیکردنی گوێگری نابێت، بەڵکو هیچ بەهایەکیشی نابێت.

لەبەرئەوە دەتوانرێت لەسەر بنەمای ئەو پێناسانەی پێشوو، پێشبینیبکرێت، کە مێتاگوتار بریتییە؛ لە ناردنی ئاماژەی زیاتری نێرەر بۆ ڕوونکردنەوەی گوتەکانی خۆی، لە بۆتەی ئەو کۆمەڵەیەی تێیدا دەژێت، تا کردەی پەیوەندیکردن لە سیاقێکی دیاریکراودا لە نێوان خۆی و وەرگردا بۆ پرۆسەی تێگەیشتنو ڕوونکردنەوە سەرکەوتووبێت.

## ١-١مۆرکەکانی مێتاگوتار

جۆری مۆرکەکانی مێتاگوتار خۆی لە دوو ڕەهەندی سەرەکیدا دەبینێتەوە، کە ئەوانیش؛ ڕەهەندی کارتێکیو کارلێکییە.

### ١-١-١ ڕەهەندی کارتێکی:(interactive resource)

مەبەست لە ڕەهەندی کارتێکی، تێگەیشتن و هۆشیاری نوسەرە بۆ پێداویستیی خوێنەرەکانی خۆی، کە زانیاری و بەرژەوەندی و چاوەڕوانی و توانستی خوێنەران لەخۆدەگرێت. ئامانجی نوسەر لێرەدا بەرهەمهێنانی دەقێکە، کە پێداویستی خوێنەران

دابین بکات و بەڵگاندنێک بخاتەڕوو، بۆئەوەی لێکدانەوە و ئامانجە مەبەستدارەکانی خوێنەر لە نێو دەقەکەدا دەستنیشان بکات. کەواتە، بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکان لەم پۆلەدا، ئاماژە بە شێوازەکانی ڕێکخستنی گفتوگۆ دەکات، نەک تەنها ئەزموون، هەروەها ئەو ڕادەیە دەردەخات؛ کە دەقەکە بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکان و ئاوەزمەندیی خوێنەر دروستکراوە. (Hyland 2005: 49). بۆیە سەرچاوە زانستییەکان لە نێویشیاندا پرۆگرامەکانی خوێندن، بەتایبەتی پەروەردە و فێرکردن پێویستە بەپێی ئاست و تێگەیشتن و ئاوەزمەندیی خوێنەر دەقەکان بنیاتبنرێن. واتە، دانەرانی پرۆگرام نابێت بەپێی ئاست و توانای خۆی دەقەکە بنووسێت، بەڵکو بەپێی وەرگرتن و توانستی قوتابی دەقەکە بنووسێت.

لەم ڕەهەندەدا پێنج مۆرکی میتاگوتار هەیە؛ ئەوانیش بریتیین لە:

١. مۆرکە تێپەڕەکان(Transitions markers): ئەوانە ئەو توخمانەن؛ کە بنیاتنانی پەیوەندیی واتایی نێوان ڕستە و ڕستیلەکان ئاسان دەکەن، وەک: بەڵام، کەواتە، یان هەرچەندە.... .

٢. مۆرکە چوارچێوەییەکان (Frame markers): مۆرکە چوارچێوەییەکان نوێنەرایەتی سنووری دەق و ئەو توخمانە دەکەن، کە قاڵبی دەقەکە نیشان دەدەن. ئەم مۆرکانە بۆ ڕێکخستن، ڕیزبەندی، پێشبینیکردن و دەستکاریکردنی ئارگومێنتەکان و گۆڕان و ڕوونکردنەوەی گوتار بۆ خوێنەران یان گوێگران بەکاردەهێنرێن. کەواتە، دەتوانرێت ئەم مۆرکانە بەکاربهێنرێن بۆ ڕیزکردنی بەشەکانی دەق یان بۆ ڕێکخستنی ناوخۆیی ئارگیومێنتێک. (Hyland 2005: 51). واتە، ئەوانە بە ئاشکرا بەکاردەهێنرێن بۆ ئاماژەکردن بە قۆناغەکانی دەقەکە، وەک: لە سەرەتادا، لە کۆتاییدا یان دواتر. (Ünsal 2008 :3).

بۆ نموونە (ژ.٢): سەرەتا نوسین لە بواری منداڵاندا کارێکی ئاسان نییە و دواتر نوسەرانی ئەم بوارە دەبێ شارەزایەکی باشیان لە هەموو قوناغەکانی تەمەنی منداڵاندا هەبێت،... .

٣. دەقە ئاماژەکان (Endophoric markers): ئەوانە ئاماژە بە زانیارییەکانی بەشەکانی تری دەقەکان دەکەن، وەک: لەسەرەوە باسمانکرد، بڕوانە شێوەی ١،... .

٤. مۆرکە بەڵگەییەکان (Evidential markers): ئەوانە سەرچاوەی زانیاری لە دەقەکانی ترەوە دەهێننەوە بە بەکارهێنانی دەستەواژەی، وەک: بەپێی X بێت، یان بە وتەی Yبێت،... .

٥. مۆرکە ڕاڤەکارە ڕەمزییەکان (Code glosses markers): ئەوانە یارمەتی خوێنەر دەدەن بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە بە ئاسانی و بەکارهێنانی دەستەواژەی، وەک: بە مانایەکی تر یان واتە، پێی دەڵێن،... . (Ünsal 2008:3).

٢-١-٢ ڕەهەندی کارلێکی (Interactional resource)

لەم تایبەتمەندییەدا نێرەر (نوسەر)، سەرنجی وەرگر (خوێنەر) بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنێت بۆ بەشداریکردن لە گوتارەکەدا، ئەویش بە واڵاکردن و ئاگادارکردنەوەی تێڕوانینی نوسەر لەسەر ناوەڕۆکی زانیاری باسکراو و خوێنەران خۆیان. هەروەها یارمەتی کۆنترۆڵکردنی ئاستی ناسنامەی دەقێک دەدەن، چونکە نوسەران دان بە ئەوانی تردا دەنێن و پەیوەندییان پێوەدەکەن، لەگەڵ ئەرگومێنتەکانیان ڕایاندەکێشن، سەرنجیان چڕدەکەنەوە، دان بە گومانەکانیان دەنێن و ڕێنماییان بەرەو لێکدانەوە و تێگەیشتن دەبەن. (Hyland

2019: 61). ئەم ڕەهەندەش بۆ پێنج مۆرکی دیکەی مێتاگوتار دابەش دەبێت وەک:

١. مۆرکە پەرژینییەکان (Hedges markers): لە پێناسەی پەرژینییەکاندا "هایلاند" وردەکاری زیاتر دەخاتەڕوو و دەڵێت: بریتییە لەو کەرەستە زمانییانەی، کە نێرەر بۆ گونجاندنی متمانەی قسەکەر بە ڕاستی ناوەرۆکی ڕستەیەک بەکاری دێنێت، کە بە شێوەیەکی ڕۆتینی زیادی دەکەین بۆ گوتەکانمان بۆ خۆلادان لە پابەندبوون بە پێداگرییەکی بێقەید و شەرت. (Hyland 1998: 196). وەک: دەشێت، دەگونجێ، لەوانەیە، ...

٢. جەختکەرەوەکان یان هێزدەرەکان (Boosters markers): ئەوانە جەخت لەسەر بەهێزی دڵنیایی نوسەر لە پەیامەکەدا دەکەنەوە، کە دەستەواژەی وەک: لە ڕاستییدا و بەدڵنیاییەوە،... بەکاردەهێنن.

٣. مۆرکە تێڕوانینییەکان (Attitude markers): ئەوانە هەڵوێست و تێڕوانینی نوسەر بەرانبەر ناوەرۆکی باسەکە دەخەنەڕوو، وەک: جێگای سەرسوڕمانە، بە شێوەیەکی بەرچاو یان بە شێوەیەکی مشتومڕ،... .(Ünsal 2008:4).

٤. مۆرکە خۆئاماژەکان (Self-mentions markers): ئەوانەن ئاماژە بە پلەی ئامادەبوونی دیار و ئاشکرای نوسەر لە دەقەکەدا دەکەن، کە بە دووبارەبوونەوەی جێناوەکانی کەسی یەکەم و ئاوەڵناوەکانی خاوەندارێتیی پاسادان دەکرێن، وەک: من- ئێمەی بکەرو من- ئێمەی بەرکارو من- ئێمەی خاوەندارێتیی. (Hyland 2019: 62).

٥. مۆرکە بەشدارییەکان (Engagement markers): ئەوانە بەکورتی ڕاستەوخۆ ئاراستەی خوێنەر دەکرێن و هانیان دەدەن بەشداری لە گفتوگۆکەدا بکەن، وەک: ئێوە، بنوسە،... . (Ledy&Etal: 2024: 179). بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی جۆری مۆرکەکانی مێتاگوتار با سەرنج لەم دەقە زانستییە بدەین، نمونەی (ژ.٣):

((ئیش و توانا: مامۆستایەکت کارێکی پێدای، بۆئەوەی لەماڵەوە ئەم ئێوارەیە ئەنجامیبدەیت، ئەویش دەست بە خوێندنەوەی بەندێکی تەواوبکەیت، تا بەیانی! ئەمە ئیشێکی گەورەیە! بەڵام لە ڕاستییدا بە مانا زانستییەکەی لێرەدا هەڵنەستاویت بە بەرێکردنی ئیشێکی گەورە! چۆن لێکی دەدەیتەوە؟ بە مانای زانستی ئیش بەڕێدەکرێت، کاتێک هێزێک تەنێک بجولێنێ بە ئاراستەکەی، لە نمونەی پێشوودا لەوانەیە مێشک هەڵسابێت بە ئەرکێکی گەورە بۆ تەواوکردنی ئەرکەکەی ماڵەوە، بەڵام هیچ هێزێکت بەکارنەهێناوە بۆ جوڵاندنی هەر شتێک. کەواتە، بە مانای زانستی هیچ ئیشێکت بەڕێنەکردووە، تەنها ئەو ئیشە نەبێت، کە لاپەڕەکانی پەرتووکەکەت هەڵداوەتەوە!)). (وەزارەتی پەروەردە ٢٠٢٤: ١٨٠).

لێرەدا مۆرکە تێپەڕەکان بریتین لە (بۆئەوەی، تا، بەڵام، کاتێک، کەواتە، تەنها، کە) کە ئەرکییان بەیەکەوەبەستنی ڕستیلەکانە بە ڕستە سەرەکییەکانەوە. (ئەنجامی بدەیت، هەڵنەستاویت، هەڵداوەتەوە) دەبن بە مۆرکە تێڕوانینییەکان، چونکە تێڕوانینی نێرەر دەخەنەڕوو. (ئەویش، ئەمە، لە نمونەی پێشوودا) دەبن بە مۆرکە دەقە ئاماژەییەکان، چونکە ئاماژە بە پێش و دوای خۆیان دەکەن. (لە ڕاستییدا) دەبێتە مۆرکی هێزدەر یان جەختکەرەوەکان. (ئیش) لێرەدا دەبێتە ڕاڤەکاری ڕەمزەکان، چونکە جگەلەوەی لە نێوەرۆکی دەقەکە هاتووە؛ لە لای ڕاستیشەوە دیسان پێناسەیکردووە و زیاتری ڕوونتردەکاتەوە و دەڵێت: ئیش؛ گواستنەوەی وزەیە بۆ تەنێک بە بەکارهێنانی هێزێک، کە تەنەکە بجولێنێت بە ئاراستەی هێزەکەوە. هەروەها (لەوانە) دەبێت بە مۆرکی پەرژینی، چونکە لە ئەرکی نوسەر

کەم دەکەنەوە. (چۆن لێکیدەدەیتەوە؟) دەبێتە مۆرکی بەشدارییەکان، چونکە خوێنەریش لە دەقەکەدا بەشداری پێدەکات.

٣- ڕۆڵی مێتاگوتار لە دەقە پەروەردەییەکاندا:

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەقە پەروەردەییەکان ئەوەیە، کە تەنها سنووردارنین بـۆ گـواسـتـنـەوەی زانـیـاری، بـەڵـکـو دەبـێـت قوتابیان سەرقاڵبکەن و لە تێگەیشتنی دەقەکان ڕێنماییانبکەن و ژینگەیەک دابینبکەن، کە قوتابی هەست بە بەشداریکردن و سەرقاڵ بوونی تێدا بکات. لـەم ڕووەوە مێتاگوتار ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. بە وتەیەکی سادە، مێتاگوتار بریتییە لە "دوان دەربارەی دوان"؛ واتە بەشێک لە دەقەکە کە ڕاستەوخۆ باس لە ناوەڕۆکی زانستی ناکات، بەڵکو یارمەتی ڕێکخستنی دەقەکە و ڕوونکردنەوەی ئارگیومێنتەکان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا دەدەن. (Hyland 2019: 10-5). "هایلاند" بە خستنەڕووی ئەم مۆدێلە هەمەلایەنەی مێتاگوتار، نیشانیدا کە چـۆن نـوسـەران دەتـوانـن ئـامـرازە زمانەوانییەکان بەکاربهێنن بۆ ڕێنماییکردنی خوێنەر و دروستکردنی پەیوەندی مرۆیی لە دەقەکەدا. ئەم ڕۆڵە زیاتر لە دەقەکانی پەروەردەیی و ڕاهێناندا بەرچاو دەکەوێت؛ کە ئامانجی سەرەکی فێربوون و گواستنەوەی زانستە، بۆیە ڕۆڵی مێتاگوتار لە دەقە پەروەردەییەکاندا دەتوانرێت بە چەند خاڵێک بخرێتەڕوو، وەک:

٣-١ ڕێنمایی کردن و ڕێکخستنی ئاوەزمەندیی قوتابی

لە کتێبی وانەیی یان بابەتەکانی پەروەردەییدا، بەکارهێنانی مێتاگوتار کارلێککارانە یارمەتی قوتابی دەدات، کە ڕێڕەوی دەقەکە لە دەست نەدات، بۆ نمونە؛ کاتێک مامۆستا یان نێرەر دەڵێت: "دواتر گرنگی بە نمونەیەکی پراکتیکی بدە"، لە ڕاستییدا ئەوە پیشانی قوتابی دەدات، کە فێرکردن هەنگاو بە هەنگاوە. ئەم شێوازە سەرلێشێواوی کەمدەکاتەوە و سەرنجی خوێنەر زیاتر بۆ دەقەکان ڕادەکێشێت.

٣-٢ دروستکردنی هەستی وتووێژ و سۆزداریی:

دەقە پەروەردەییەکان نابێت وشک و بەتەواوی پسپۆڕانەبن؛ چونکە قوتابی پێویستی بەوەیە هەستبکات، کە نێرەر یان مامۆستا لەگەڵیدا لە پەیوەندیدایە بە بەکارهێنانی مێتاگوتار بەشێوەی کارلێک و پەیوەندیدار، بۆ نمونە: لە دەستەواژەی "وەک دەزانیت"، "ڕەنگە پرسیارێکت لێبکرێت"، یان "با نمونەیەکت بۆ بهێنمەوە یان شیبکەمەوە"، دەقەکە لە گفتوگۆیەکدا دەخاتەڕوو، ئەم شێوازە پاڵنەرێکە بۆ قوتابییان.

٣-٣ بەهێزکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی:

"هـایـلانـد" جەخت لـەوە دەکـاتـەوە؛ کە نێرەر دەتوانێت مێتاگوتار بەکاربهێنێت بۆ کردنەوەی دۆخـێـک لـە ڕوانـگـە جـیـاوازەکـانـدا. هـەروەهـا لە پــەروەردەدا ئـەمـە زۆر گـرنـگـە، چونکە قوتابی فێردەکات کە هەموو وتەیەک ڕەها و یەکلاکەرەوە نییە. دەستەواژەکانی وەک "دەتوانرێت بەو شێوەیە لێک بدرێتەوە" یان "هەندێک لە توێژەران پێیان وایە" نیشان دەدەن کە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بەشێکە لە فێربوون.

٣-٤ ڕوونی لە دەقی زانستی:

یەکێک لە کێشەکانی دەقـە پەروەردەییـەکـان قـورسـایـی و ئـاڵـۆزی زمـانـەکـەیـە. نـێـرەر بە بەکارهێنانی مێتاگوتار دەتوانێت هەنگاو بە هەنگاو

ئارگومێنتەکان سادە و ساکار بکاتەوە و نیشانی بدات؛ کە هەر بەشێکی دەقەکە چ ڕۆڵێک دەگێڕێت. ئەم ڕوونکردنەوەیە بە تایبەتی لە فێرکردنی چەمکە ئەستەمەکان، وەک: بیرکاری یان تیۆرییە پەروەردەییەکان، بایەخێکی تایبەتی هەیە. واتە تا ئاستی مەعریفی دەقەکە بەرزتربێت، پێویستی بە توخمەکانی مێتاگوتارە بۆ ڕوونی دەقەکە. بۆ نمونە پراکتیکی لە دەقە پەروەردەییەکان (بیرکاری)، وەک ئەمانەی خوارەوە:

### ٣-٤-١ مێتاگوتاری کارلێککارانە (بۆ ڕێکخستنی دەقەکە):

گریمان کتێبێکی بیرکاری دەڵێت: ((سەرەتا پێداچوونەوە بە زیادکردنی ژمارە سروشتییەکاندا دەکەین، دواتر لە هەنگاوی داهاتوودا دەچینە ناو بابەتی زیادکردنی ژمارەکان)). ئەم ڕستەیە وەک نەخشەڕێگایەک وایە و یارمەتی قوتابی دەدات بزانێت لە کوێوە دەستپێبکات و بۆ کوێ بچێت.

### ٣-٤-٢ مێتاگوتار بەشێوەی کارلێک-پەیوەندیدار (بۆ گفتوگۆ لەگەڵ قوتابی):

مامۆستایەک دەڵێت: ((ڕەنگە پرسیارتان هەبێت بۆچی کاتێک دوو ژمارەی نەرێنی پێکەوە کۆدەکەینەوە، ئەنجامەکە گەورەتر دەبێت، با بە نمونەیەک ڕوونی بکەمەوە)). ئەم جۆرە لێدوانە وا لە قوتابی دەکات، هەست بکات مامۆستا وەڵامی پرسیارە دەروونییەکانی دەداتەوە.

### ٣-٤-٣ تێکەڵکردنی هەردوو جۆری مێتاگوتار لە پۆلدا:

مامۆستا دەڵێت: ((با هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە بچین. سەرەتا نمونەیەکی سادە: ٣ + ٢ = ٥. ئێستا هەمان شت تاقیبکەرەوە لەگەڵ ژمارە نەرێنییەکان: (−٣) + (−٢) = −٥. وەک دەبینیت، زیادکردنی دوو ژمارەی نەرێنی، ژمارەی ئەنجامی زیاتر نەرێنی دەکات)). لێرەدا مامۆستا هەم ڕێڕەوی فێربوونی (مێتاگوتاری کارلێککەر)ی خستۆتەڕوو و هەم بە زمانێکی سادە پەیوەندی لەگەڵ قوتابییەکەدا کردووە و بەشێوەی کاریگەر ڕۆڵی لە کردەی گەیاندن و تێگەیشتن لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەیە.

### ٤- ناوەڕۆکی پرۆگرامی کتێبی خوێندنی بابەتی زانست بۆ هەمووان:

ناوەڕۆکی پرۆگرامی کتێبی خوێندنی بابەتی زانست باس لە نوێبوونی ناوەڕۆکی زانستی دەکات و پێویستی بەو نیشاندەرانە هەیە؛ کە قوتابیان لەسەر ڕێگای تێگەیشتن و بەکارهێنانی زانست ڕێنوێنی بکات، ئەمەش بە بەکارهێنانی مۆرکە بەڵگەییەکان؛ (بۆ ئاماژەدان بە سەرچاوە زانستییە باوەڕپێکراوەکان و نوێیەکان) و ڕاڤەکاری ڕەمزەکان؛ (بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکە نوێیەکان) و ...، یارمەتی قوتابییان دەدات نەک تەنها ناوەڕۆکی زانستیی بپارێزن، بەڵکو بە گۆڕانکارییە زانستیی و تەکنەلۆژییەکانەوە گرێیان بدەن. (Lemke 1990: 93-98). بە کورتی، "Lemeke"ئاماژە بەوە دەکات، کە پرۆگرامی بابەتی زانست توخمەکانی مێتاگوتار وەک: بەڵگە، هێما و نیشاندەر،... بەکاردەهێنێت بۆ گۆڕینی پەروەردەی زانست لە لەبەرکردنی تەنهاوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر تێگەیشتن، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و جێبەجێکردنی زانیاری لە دەقدا. ئەم بۆچوونە کتێبەکە وەک ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی خوێندەواری زانستی و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان دادەنێت، نەک تەنها ئامرازێک بۆ گەیاندنی زانیاری.

ئەگەر پێناسەی ناوەرۆکی پرۆگرامی زانست بکەین ئـەوا؛ نـاوەرۆکـی پـرۆگـرامـی زانـسـت بە شێوەیەکی ئاسایی وەک: ڕاستییەکان، یاساکان، پرەنسیپ و بنەماکان، چەمکەکان، تیۆرییەکان و بەهاکانی ناو پرۆگرامی زانست پێناسە دەکرێت، کە توانای جۆراوجۆر گەشەپێدەدەن و ئامانجە خوازراوەکـانی پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکردن لە چوارچێوەی توانا و کارامەییە مادد‌ییەکان و سەرچاوە مرۆییەکاندا بەدەست دەهێنن. (ئەللولو ٢٠٠٤: ٦١).

بەواتایەکی دیکە، کە نـاوەرۆکـی پرۆگرامی "زانست بۆ هەمووان" تەنها پێشکەشکردنی ڕاستییە زانستییەکان نییە، بەڵکو ڕێنمایی قوتابییان بۆ پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی زانستی دەکات. بۆ بەدەستهێنانی ئـەم ئـامـانـجـەش، پرۆگرامی خوێندن توخمەکانی مێتاگوتار بەکاردەهێنێت، کە پێکهاتووە لە توخمەکانی وەک: نیشاندەر،... ئاماژەی ڕێنیشاندەر؛ کە یارمەتی قوتابییان دەدات بەدواداچوونە گرنگەکان بکەن، وەک: "بیرت بێت"، "تێبینی"، "ئەمە مانای ئەوەیە". یان شیکردنەوەی هێماکان،.. . لێکدانەوەی دەسـتـەواژە و زاراوەی زانستیی ئەبستراکت یـان ئاڵۆز بۆ یارمەتیدانی قوتابییان بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی بیرۆکەیی.

بەگشتی ئامانجیش ئەوەیە، کە قوتابییان تەنها زانیاری لەبەرناکەن، بەڵکو زانیاریش بە پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیای ڕاستەقینەوە دەبەستنەوە. ئەمـەش بە مەبەستی ئـەوەی بتوانرێت بیرێکی داهێنەرانە لای قوتابی دروستبکات و کارامەییەکانی فێربووەکانی پێشکەشی کۆمەڵگە بکات. واتـە، لە ڕێگەی فێربوونی ئەم پرۆگرامەوە بتوانێت کار و بەرهەم و بیری نوێ، پێشکەشی کۆمەڵگەکەی بکات و نەوەیەکی بەرهەمدار دروست بکات.

٤-١ ناونیشان:

ناونیشان تەنها وەک ناولێنانێک بۆ پارچەیەک لە نوسین لە کتێبی خوێندندا خزمەت ناکات، بەڵکو دەشێت لە هەنێک باردا وەک ئامرازێکی مێتاگوتاریش خزمەت بکات، ئەگەر هاتوو پێشبینییەکانی خوێنەر پێکبهێنێت و چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە دابنێت و ئاڕاستەکردن و ڕوونکردنەوەی تێدابێت.

بـە واتـایـەکـی تـر، نـاونـیـشـان چـوارچـێـوەی سەرەتایی بۆ تێگەیشتن پێشکەش دەکات و وەرگر کە قوتابییە لـە نـاوەرۆکـی دەقـەکـە و ڕێنمایی بۆچوونیان بۆی ئاگادار دەکاتەوە. واتە ((ناونیشان ڕێنمویی و ڕێبەرێتیی خوێنەر بۆ بەرهەمەکە دەکات، واتە ئەو دەبێتە کلیل و ڕێنموکار و کۆکراوە و پوختەی ناواخنی هەر پرۆگرامێک و سەرتاپای هەر پرۆگرامێک ڕوونکەرەوە و درێژەپێدەری ئەو بیرەیە، کە لە ناونیشاندا هەیە)). (حسەین ٢٠١٥: ٣١٢).

کـەواتـە ناونیشان بریتییە لـە پێناسی کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندن و دەبێتە دەروازەی کردنەوەی زانیارییەکانی ناو کتێبەکە و خوێنەر بۆ ناو دەقی نـوسـراوی کتێبەکە ڕۆکێش دەکـات. لـەبـەرئـەوە، (ناونیشان هۆکارێکە بـۆ هـانـدان و وروژانـدنـی خوێنەر، تا هەوڵی خوێندنەوەی نـاوەرۆکـەکـەی بدات، لەبەر ئەم هۆکارەیە ناونیشان چ بە گشتی چ ناونیشانی بەرگی کتێبی قۆناغەکانی خوێندن بێت یان ناونیشانی بابەتەکان گرنگە و بە یەکەم سەرنج و تێڕوانینی قوتابی دادەنرێت، بۆیە دەشێت ڕەچاوی بنەما و هەست و سۆزی خوێنەر؛ کە قوتابییە بکەین و لەگەڵ ژینگە و تەمەن و بیرکردنەوەی بگونجێت و ناونیشانەکە ئاشکراو و ڕوونبێت و مەبەستی بابەتەکە بخاتەڕوو). (فەقێ ئەمین: ٢٠١٥: ٢٠٣-٢٠٤).

لەو ڕوانگەیەوە، ئەگەر سەرنجی ناونیشانی کتێبی (زانست بۆ هەمووان)ی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بدەین، ئایا ئەم ناونیشانە دەبێتە مێتاگوتار؟ لە ڕاستییدا، کاتێک ناونیشانێک دەبێتە مێتاگوتار؛ ئەگەر هاتوو ناونیشانەکە بە ئاشکرا ئاماژە بە خودی دەقەکە، مشتومڕی نێرەر، یان پرۆسەی نووسین بکات. بۆیە ناونیشانی (زانست بۆ هەمووان)، نابێتە مێتاگوتار، چونکە هیچ لێدوانێک لەسەر چۆنیەتی نوسین و ڕێکخستن و ڕێنمایی وەرگر بۆ دەقەکە نادات و بە سادەیی بابەتەکە دیاریدەکات.

کەواتە، ناونیشان بەزۆری خزمەت دەکات بۆ ناولێنان، یان کورتکردنەوەی بیرۆکەی سەرەکی دەق و ڕێنمایی خوێنەر لە پێکهاتەی نوسینەکە ناکات یان هەڵوێستێک دەرنابڕێت و بە سادەیی پێت دەڵێت دەقەکە دەربارەی چییە.

هەربۆیە "هایلاند" پێی وایە؛ مێتاگوتار ئاماژە بە لایەنەکانی دەق دەکات، کە بە ئاشکرا گفتوگۆ ڕێکدەخات، وەرگر تێکەڵدەکات و هەڵوێستی نێرەر نیشاندەدات، بەڵام ناونیشان وەک توخمێکی مێتاگوتار دووردەخاتەوە، چونکە بەشێک نین لە توخمەکانی کارتێکی و کارلێکی کە پرۆسەی خوێنەر بۆ دەقی سەرەکی پێکدەهێنن. (Hyland 2005: 38). بەڵام دەشێت هەندێک جار ناونیشان ببێتە مێتاگوتار، ئەگەر هاتوو بە ئاشکرا ئاماژە بە کردەی ئاخاوتن، خوێندنەوە و گفتوگۆکردنی خۆی بکات، هەروەها ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن و کاریگەری لەسەر کردەی ڕوونکردنەوە لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەبوو.

بۆ نمونە؛ لە زانستە زیندەییەکان لە بەندی (٥)، کەرتی (٢)دا، لاپەڕە (٨٢ بۆ ٨٥). تێکڕای ئەم ناونیشانانە ((مەترسییەکانی کهول و دەرمانەکانی دیکە، دەرمان چییە؟ پشت بەستن و ئاڵودەبوون، جۆرەکانی دەرمان، دەرمانە گیاییەکان، تووتن، کهول، زاڵبوون بەسەر ئاڵودەبوون، پێداچوونەوەی کەرت، پوختە، پێداچوونەوەی زاراوە و چەمکەکان، تێگەیشتنی بیرۆکە سەرەکییەکان، کارامەیی بیرکاریی)). نابنە مێتاگوتار، چونکە تەنها ناوی بابەتەکە دەهێنن، بەڵام ئەم ناونیشانانەی کە بەم شێوەیە دەنووسرێن ((ئەو دەرمانانەی کە ڕاسپاردەی پزیشکیان دەوێت و ئەو دەرمانانەی کە پێویستییان بە ڕاسپاردەی پزیشک نییە، شێوەی (٣) چەند ئامۆژگارییەک لە پێناو باش بەکارهێنانی دەرمانەکان، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە))، لە زانستە زیندەییەکان لە بەندی (٥)، کەرتی (٢)دا، لاپەڕە (٨٣، ٨٥)، دەبنە مێتاگوتار، چونکە ئەم ناونیشانە ڕێنمایی لێکدانەوە، دەرخستنی هەڵوێست، هاندان بۆ بەشداریکردنی وەرگری تێدایە.

کەواتە، ناونیشانی کتێبەکانی پرۆگرامی پەروەردە و فێرکردن نەک تەنها بە زۆری وەک ناسێنەری ناوەرۆک خزمەتدەکەن، بەڵکو هەندێک جار وەک ئامرازی دەقی مێتاگوتاریی ستراتیجی کاردەکەن؛ کە ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن و ڕاکێشانی خوێنەرانی بۆ مەبەستەکانیان تێدابێت. بۆیە ئەم ناونیشانانەی سەرەوە کە بە مێتاگوتار ئەژمارکران، هەم هەڵوێست و هەم بەشداری هاوبەش ڕەنگدەداتەوە، چونکە نێرەر بەکاریدەهێنێت بۆ دامەزراندنی متمانە، نیشاندانی گشتگیری و دروستکردنی توانای تێگەیشتن و هاندانی کاریگەری لەسەر پێشبینییەکان و کارلێکێکی گرنگ لە نێوان دەق و خوێنەرانیدا.

٤- ٢زاراوە و پێناسە:

لە کاتێکدا باس لە زاراوە و پێناسە لە مێتاگوتاردا و پەیوەست بە ناوەرۆکی کتێبی خوێندنی (زانست بۆ هەمووان) دەکەین، ئاماژە بەو کەرەستە

زمانەوانییانە دەکەین، کە دارێژەرانی پرۆگرام بەشێوەیەکی بە ئاگایی یان بە بێئاگایی پێناسە بۆ زاراوەکان بەکاردەهێنن بۆ ڕێکخستنی دەقەکانییان و ڕاکێشانی سەرنجی قوتابییان (وەرگر) و خستنەڕووی تێڕوانینیان بەکاریدەهێنن.

زاراوەسازیی[٢] لایەنێکی سەرەکی (بابەتی زانست بۆ هەمووان)ە، بۆیە تێگەیشتن و وەرگرتنیان لەم زانستە دیاریکراوەدا دەتوانێت مانای شارەزایی و دەست ڕاگەیشتن بەسەر ئەو بوارەدا بێت، بۆیە ئەگەر بڕوانینە ئەم زاراوانە، بەتایبەتی میکانیزمەکانی پەروەردە و فێرکردن بۆ ئەم زاراوە زانستییانە، بێگومان یارمەتی قوتابییان دەدات؛ باشتر تێگەن و دەستەواژە زانستییەکانیان بەبیربهێننەوە، هەروەها ئەوانەی ئەم پەرتووکانەش دادەنێن، پێویستە ڕێگای جۆراوجۆر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم زاراوانە بەکاربهێنن، وەک: بەکارهێنانی هاوواتا، بەرانبەری، ڕوونکردنەوەی پەروەردەیی، میکانیزیمی وێنەیی و گوزارشت لە زاراوەکان. (بناجي ٢٠٢٢: ١٣٢).

لەو دیدگایەوە، ئەگەر بڕوانینە وشە و زاراوەکانی کتێبی (زانست بۆ هەمووان)ی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، لە لاپەڕە (٢٤٠)دا، گەر ئەم نموونەیە (ژ.٤)، وەرگرین: ((ئاوێتە ئایۆنییەکان و تایبەتمەندییان:

تایبەتمەندی ئاوێتە ئایۆنییەکان بەهۆی ئەوەوەیە، کە هێزێکی ڕاکێشانی بەهێز پەیدادەبێت، کە پێیدەوترێت بەندی ئایۆنی، بەندی ئایۆنی هێزێکی یەکتر ڕاکێشانە لە نێوان چەند ئایۆنێکی بارگە جیاوازدا، ئەو ئاوێتانەی کە بەندەکانیان ئایۆنییە پێیاندەوترێت: ئاوێتە ئایۆنییەکان،... .)). (وەزارەتی پەروەردە ٢٠٢٤: ٢٤٠).

لێرەدا (کە) وەک وشەیەک دەوری بەیەکەوە بەستنی ڕستیلەکان دەبینێت و توخمی (تێپەڕەکان) لە مێتاگوتاردا پێکدێنێت. هەندێک جاریش نوسەر هەندێ مۆرفیم بەکاردەهێنێت، کە دەبنە هۆی هەڵئاوسانی واتایی بەتایبەتی بەکارهێنانی(کە) کە زۆر لە دەقدا دووبارە دەبێتەوە و دەبێتە هۆی شێواندنی واتا، بۆیە دەبێ ئەم مۆرفیمانە لە شوێنی خۆیدا بەکاربێت، بۆیە پێویستە ئەو دەقانەی لەبارەی زانستەکانەوە دەنووسرێن لەلایەن زمانەوانانەوە پێداچوونەوەیان پێ بکرێت، بۆئەوەی مۆرفیمی زیادە و نارێکی لە ڕێکەوتنی ڕێزمانی و واتایی چاکبکرێنەوە و لەگەڵ ڕێبازی دروستنووسییەوە بگونجێنرێت.

هەروەها (بەندی ئایۆنی، ئاوێتە ئایۆنییەکان) وەک زاراوەیەک و زۆربەی زاراوە ڕاڤەکراوەکان دەبنە توخمی (ڕاڤەکاری ڕەمزەکان) لە مێتاگوتاردا. هەروەها لە ڕووی پێکهاتنیشەوە ئەم زاراوانەش یان وشەی سادەن وەک (وات) لە لاپەڕە ( ١٨٤ )دا یان داڕێژراون وەک (لێکردنەوە) لە لاپەڕە ( ١٣٧ ) دا، یان لێکدراون وەک (ترشەباران) لە لاپەڕە (١٠٥ )دا، یان فرێزن، وەک: بەندی ئایۆنی،... .

لە ڕاستییدا، زاراوە بە تەنها بێ ڕاڤە و ڕوونکردنەوە و پێناسە نابێتە مێتاگوتار، بەڵکو واتا و بەهای پێشوەختەی زاراوەکانە ناومان ناوە مێتاگوتار، چونکە زاراوەکان ڕوون نین، بەڵام کاتێک پێناسە دەکرێن، ئەوکاتە ڕاڤە و ڕوونکردنەوە لەبارەی زاراوەکە دەخاتەڕوو و کۆی پێناسەکەیە لە دەقدا بە یارمەتی هەندێک دەستەواژە یان وشەی وەک ( بۆ نموونە، بۆ وێنە، بە واتایەکی تر، ناودەبرێت...) دەبنە مێتاگوتار.

بۆ نموونە: "ترشەباران'' لێرەدا بە تەنها وەک زاراوەیەک نابێت بە مێتاگوتار، بەڵام کاتێک لە چێوەی دەقێکدا یان پێناسەیەکدا دەخرێتەڕوو، نموونەی (ژ.٥): (( ترشەباران: (مێتاگوتار نییە)ئەو باران و بەفرەی کە ڕێژەی ترش تیایاندا بەرزبێت

بە ترشەباران ناودەبرێت (مێتاگوتارە). باران هەر خۆی ترشە بەڵام ترشە باران برێکی زۆرتر ترشی تیادایە. ...)). ئەوا ئەو ڕوونکردنەوەیەیە واتا و بەها دەداتە زاراوەکە و واتاکەی ڕووندەبێتەوە و دەبێتە مێتاگوتار.

کەواتە، پێناسەکان دەبنە مێتاگوتار بۆ زاراوەکان، لەبەرئەوە پێناسەکان هەموویان بە مێتاگوتار دادەنرێن. سەرەڕای ئەوەش، هەندێک لە پێناسەکان ئاڵۆزن و پێویستییان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە؛ بۆیە دووبارە مێتاگوتار دێتەوە ئارا وەک لەو نمونەی (ژ.٤)دا دیارە.


٤-٣ وێنە:

وێنە وەک ناوەرۆکی کتێبی زانستیی، ڕۆڵێکی کاریگەری لە سەرنج، تێگەیشتن، زانین، یادگە، وێناکردن و پرۆسەی خەیاڵدا هەیە. (بلعباس ٢٠١٨: ٤). بۆیە کاتێک وێنەیەک لە کتێبی خوێندندا نەک تەنها بۆ وێناکردنی ناوەرۆک بۆ نمونە: ( نەخشە، وێنەی دڵ، هێڵکاری، یان وێنەی گرکان،...)، بەڵکو بۆ ڕێنماییکردنی تێگەیشتن لە دەقەکە، ڕێکخستنی زانیاری یان داڕشتنی پەیوەندی نێوان دەق و مامۆستا و قوتابی، بەکاردێت، ئەوا ئەو وێنەیە دەبێتە فۆرمێک لە مێتاگوتار.


بە وتەیەکی سادە؛ وێنەکە باس لە خودی گوتار یان دەقەکە دەکات نەک تەنها بەشێکی. چونکە وێنە یەکێکە لە توخمەکانی ڕاستی و دەشێت ڕۆڵی هەموو تایبەتمەندییەکانی دەربڕینی زمانی هەبێت، هەرچەندە هەندێک جار جێگەی دەگرێتەوە و هەندێک جار تێدەپەڕێت، بۆیە دەتوانرێت لە ژێر هەلومەرجێکدا بە زمانێکی تەواو دابنرێت، کە بتوانێت پەیامێکی دیاریکراو بگەیەنێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە).

هەموو وێنەیەکی ناو پرۆگرامی خوێندن نابێتە مێتاگوتار، بەڵکو کاتێک دەبێتە مێتاگوتار وێنەکە بەهاوکاری یەکەکانی زمان (وشە، فریز،...) ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ وەرگر بخەنەڕوو، بۆ نمونە: وێنەی ژمارە (١) نابێتە مێتاگوتار، چونکە هیچ هاوکاری یەکەکانی زمانی تێدانییە، کردەی تێگەیشتن بۆ وەرگر ڕوونبکاتەوە، بەڵام وێنەی ژمارە (٢) بە هاوکاری یەکەکانی زمانی کردەی تێگەیشتنی بۆ وەرگر ڕوونکردۆتەوە، بەمە دەبێتە مێتاگوتار.

وێنەی ژمارە (١)




وێنەی ژمارە (٢)



بە واتایەکی تر، وێنە وەک ناوەرۆکی پرۆگرامی کتێبی خوێندنی بابەتی (زانست بۆ هەمووان) کاتێک دەبنە مێتاگوتار، کە نەک تەنها بۆ پیشاندانی ناوەرۆکی زانستی بەکاربهێنرێت، بەڵکو بە هاوکاری و لە ڕێگەی یەکەکانی زمانی لە ڕێنماییکردنی تێگەیشتنی قوتابی لە دەقەکەدا، داڕشتنی لێکدانەوە، یان نیشاندانی ڕێگەی دروست بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و کردەی تێگەیشتن ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت، بۆیە کاتێک وێنەیەک لە کتێبی خوێندندا نەک تەنها بۆ وێناکردنی ڕاستییەکان یان شتەکان بەکاردێت، بەڵکو بۆ ڕێنماییکردنی قوتابی لە چۆنییەتی تێگەیشتن یان کاردانەوە بەرانبەر بە دەقەکە بەکاردەهێنرێت، ئەو وێنەیە دەبێتە مێتاگوتار.

بۆ نمونە: کاتێک باس لە ئەندامی گورچیلەی مرۆڤ دەکرێت، خوێندکار لە خەیاڵی خۆیدا وێنەی بۆ دەکێشێت، بەتایبەت دەشێت وێنەی گورچیلەی ئاژەڵ (مەڕ یان بزن)ی بێتە پێشچاو، بەڵام هەرچەندی باسی ناوەوەی گورچیلە بکرێت، بێ وێنەی ناوەوە، کردەی تێگەیشتن بە باشی ناڕوات بەڕێوە، کە کردەی تێگەیشتنیش بەم شێوەیەبوو، ئەوا پەیامەکە ناگات؛ کە پەیامی پەروەردە و فێرکردنە.

بەڵام کاتێک لە کتێبی خوێندنی زانستدا بەتایبەتی ڕووپۆشی ناوەوەی گورچیلە بە دیقەیەکی جوان و ڕەنگی جیاوازەوە بە هاوکاری یەکەکانی زمانی دەخرێتە پێشچاو، ئەوا ئەو وێنەیە نەک تەنها بۆ وێناکردنی ڕاستییەکان یان شتەکان بەکاردێت، بەڵکو بۆ ڕێنماییکردنی قوتابی لە چۆنییەتی تێگەیشتن یان کاردانەوە بەرانبەر بە دەقەکە (گورچیلەکان و کرداری پاڵاوتن)[٣]بەکاردەهێنرێت و ئەو وێنەیە دەبێتە مێتاگوتار، هەروەک لە شێوەی (٢)دا لاپەڕە (٥١) دیارە: وێنەی ژمارە (٣)




وێنەی ناوەوەی گورچیلە بە هاوکاری یەکەکانی زمانی بۆتە"مێتاگوتار"، چونکە تەنها پیشاندانی وێنەکە نییە، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە پەیامی سەرەکی یان ڕێکخستنی، یان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ئامانجی وێنەکە ڕوون دەکاتەوە؛ کە کردەی تێگەیشتنە بۆ قوتابی. تەنانەت ڕەنگی وێنەکەش، خوێنبەرەکان ڕەنگی سوور و خوێنهێنەرەکان ڕەنگی شین،... بۆیە پەیامەکە بە باشترین شێوە دەتوانرێت بۆ قوتابی ڕوون بکاتەوە.

کەواتە، بە کورتی وێنەسازی لە کتێبە وانەییەکانی زانستدا دەبنە مێتاگوتار؛ کە بە هاوکاری یەکەکانی زمانی وەک: (وشە، فریز،...) ڕوونکرابێتەوە و تەمومژی لە کردەی تێگەیشتن نەهێشبێت و وێنەکانیش تەنها بۆ وێناکردنی ڕاستییەکانی زانست نەبێت، بەڵکو بۆ ڕێنماییکردن، ڕێکخستن، یان پێناسەکردنی چوارچێوەیەک، کە لەو چوارچێوەیەدا قوتابی بزانێت چۆن لەو ڕاستییانە تێبگات و هەڵسەنگاندنییان بۆ بکات.

٤-٤ ڕستە و دەق:

شارەزایان و دانەرانی پرۆگرامی قوتابخانەکان، پێویستە سەرنج و لێوردبوونەوە لە تەکنیکەکانی نوسین بدەن، بەشێوەیەکی ئەکادیمیکی ورد لە بچوکترین یەکەی واتاداری زمان کە مۆرفیم و وشە و فرێزن، دواتر ڕستەیە؛ تا گەورەترین یەکە کە دەقە بۆ کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن؛ تا بتوانین بەسەر هەڵە باوەکاندا زاڵبین. (مفتاح ٢٠١٩: ٣٨١). بۆیە کاتێک باس لە مێتاگوتار لە ئاستی ڕستە و دەقدا لە پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردندا دەکەین، لە ڕاستییدا سەرنجدەدەین، کە چۆن دەقەکانی فێرکاری، کتێبی خوێندن، یان کەرەستەکانی پەروەردەیی سەرچاوەی مێتاگوتاری لە هەر دوو ئاستی مایکرۆ (ڕستە) و ماکرۆ (دەق) بۆ ڕێنمایی و تێگەیشتنی قوتابییان، ڕوونکردنەوەی مانا و ئاسانکردنی پەیوەندیکردن، بەکاردەهێنن. ئەمەش شێوازێکی پێکهاتەیی بۆ دەربڕین و تێکەڵکردنی ڕستە و دەق لە ناوەرۆکی پرۆگرامی پەروەردە و فێرکردندا بنیات دەنێت، هەروەها ئەمە ئەوە دەردەخات، کە چۆن مێتاگوتاری ئاستی ڕستە و دەق یارمەتیدەرن لە ڕێنمایی فێربوون، ئاماژەکردن بە پەیوەندییەکان و دامەزراندنی متمانە لە کۆنتێکستی پەروەردەییدا. (Fairooz 2023 :33).

واتە، لێرەدا لە ئاستی "مایکرۆ" کە فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، ڕستەیە و ئاستی "ماکرۆ " کە دەقە، هەردووکیان پێکهاتەی پرۆگرامی کتێبی خوێندن پێکدەهێنن و تێکەڵ بەیەکتری دەبن. ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایانە بڕوانین، دەبینرێت، کە ڕستە لە ڕووی پێکهاتن و داڕشتنەوە؛ ڕستەی سادە و لێکدراو و ئاڵۆز دەگرێتەوە. (ڕەسوڵ: ١٩٩١: ٨٦).

لە ڕووی ئەرک و واتاش بۆ چەند جۆرێک دابەشکراوە، وەک؛ ڕستەی هەواڵ گەیاندن، ڕستەی فەرمان، ڕستەی پرس، ڕستەی سەرسوڕمان،...، لەڕووی ڕێژەوەش بۆ ڕاگەیاندن و دانانی و ... دەگرێتەوە، دابەشکراوە. (فەرهادی ٢٠٠٣: ٥٧). هەرچەندە لە بواری پرۆگرامی بابەتی(زانست بۆ هەمووان)؛ بەشێوەیەکی سەرەکی فێربوون و فێرکردن تەنها بە ڕستەی تاک و تەنها بووە بە تەرزێکی بەسەرچوو. (قادر و فەرەج: ٢٠٢٣: ١٦). بەڵام گەر بڕوانینە ئەم پرۆگرامە، سەرەڕای هەبوونی ڕستەی سادە، زۆرینەی ڕستەکانی لە جۆری ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزە (ئاوێتە). هەروەها لە ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەی کوردییدا؛ کە (بکەر+بەرکار+کار)ە لەهەندێ شوێندا ڕەچاوی ئەوەیان نەکردووە، بەڵکو ڕەچاوی (بکەر+ کار+بەرکار)یان کردووە، وەک لە لاپەڕە (٥١) لە جیاتی بنووسرێت؛ (خوێنبەرێکی گەورە خوێن بۆ هەر گورچیلەیەک دەبات)، نوسیویانە؛ (خوێنبەرێکی گەورە خوێن دەبات بۆ هەر گورچیلەیەک). لە لاپەڕە (٨٢)دا لە جیاتی بنووسرێت؛ (جیاوازی لە نێوان ئەرێنیو نەرێنی دەرمانەکان دەکات؟)، نوسیویانە؛ (جیاوازی دەکات لە نێوان ئەرێنیو نەرێنی دەرمانەکان)... ئەمەش دەشێت بە مەبەستی باسمەندکردن بێت یان لە ئەنجامی وەرگێڕانی دەقەکەوە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردیی بێت.

هەروەها پێشبینیکراوە، کە ڕێژەی شێوەی ڕستەکانیش جۆری پرسیاری و هەواڵگەیاندن، شانبەشانی ڕستەی فەرماندان و ... تێدابێت، چونکە کتێبەکە دواندنی قوتابییە بۆ فێرکردن و فێربوون. بەڵام لێکۆڵینەوە زانستییەکان ڕاشکاوانە پێیانوایە چ بۆ خوێندکار چ بۆ مامۆستا، کە هەوڵبدرێت پرۆگرامەکانی خوێندن لە ڕێگەی دەقەوە دابڕێژرێن، چونکە فێرکردنی خوێندکار لە ڕێگەی دەقەوە ئاسانتر و زانستیترە، هەربۆیە دەبینین لەو پرۆگرامانەی

ئێستای پەروەردە، زیاتر هەوڵدەدەن "دەق" بکرێتە بنەمای فێربوون و فێرکردن، بەمەش ئەرکییەکان نەک هەر ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییان گۆڕی، بەڵکو توانیشیان بنەمای دارشتنی پرۆگرامی پەروەردەیی بگۆڕن و لە گرنگیدان بە (ڕستە)وە بۆ گرنگیدان بە (دەق)، چونکە ڕستەی دابڕاو لە بارودۆخی دەقیی ناتوانێت توانستی پەیوەندیکردن بۆ قوتابی برەخسێنێت، بەڵکو یەکەی دەق دەتوانێت ئەم هەلە برەخسێنێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٦و١٥).

ئەگەر دەقێکی مێتاگوتاری پرۆگرامەکە وەرگرین و شەن و کەوی بکەین، وەک: نموونە (ژ.٦)؛ نێرەکۆئەندامی زاوزێ:

نێرە کۆئەندامی زاوزێی مرۆڤ هەروەکو لە شێوەی ١ دا دەردەکەوێ، هەڵدەستێت بە دروستکردنی تۆو و گواستنەوەی بۆ ناومێیە کۆئەندامی زاوزێ ئەوەش لە ڕێگەی شەرعیەتی هاوسەرگیری لەنێوان ژن و پیاودا، گونەکان دوو ئەندامی نێرینەن، فرمانیان دروستکردنی تۆو و دەردانی تێستێسترۆنەکە هۆرمۆنی سەرەکی توخمیە لە نێرینەدا بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی تۆوەکان و پێشخستنی سیفەتە توخمیە دووەمیەکان لە نێرینەدا. کاتێک تۆوەکان گون جێدەهێڵن، ئەوا لە ناو بۆرییەک کۆدەکرێنەوە پێیدەڵێن ئالۆزە، تۆوەکان لە ئالۆزەدا پێدەگەن وە پاشان دەگوازرێنەوە بۆ ناو بۆرییەکی دیکە پێیدەڵێن لوولەی گوێزەرەوە لەکاتی تێپەڕبوونی تۆوەکان بەلوولەی گوێزەرەوەدا لەگەڵ شلەی چەند ڕژێنێک تێکەڵ دەکرێن لەوانەش ڕژێنی پرۆستات کە دەوری ملی میزەڵدان دەدات. بەو تێکەڵەی شلەکان و تۆوەکان بەیەکەوە دەڵێن تۆواو، تۆواویش بەناو میزەڕۆدا دەڕوات لە ڕێگەیدا بۆ دەرەوەی لەش. میزەڕۆش لوولەیەکە بەناوچووک دا دەڕوات، چووکیش ئەندامێکی دەرەکی نێرینەی مرۆڤە بۆ گواستنەوەی تۆواو بۆ دەرەوەی لەش بەکاردێت)). (وەزارەتی پەروەردە ٢٠٢٤: ٦٢).

ئەم دەقە مێتاگوتارییە سەرەڕای نارێکییەکی زۆری تێدایە، کە وایکردووە دەقەکە بۆ خوێندکار قورس و وشک بێت، بۆیە ئێمە جارێکی تر ئەم دەقە بەپێی ڕۆنانە سینتاکسییە باوەکان دەنووسینەوە، ئینجا مۆرکەکانی مێتاگوتار لەم دەقەیەدا دەخەینەڕوو. (نێرەکۆئەندامی زاوزێ

نێرەکۆئەندامی زاوزێی مرۆڤ هەر وەکو لە (شێوەی ١)دا دەردەکەوێت، بۆ دروستکردنی تۆوە و دەگوازرێتەوە بۆ ناو مێیەکۆئەندامی زاوزێ، ئەوەیش لە ڕێگەی شەرعییەتی هاوسەرگیری لە نێوان ژن و پیاودا. جووتەگونیش دوو کۆئەندامی نێرینەن، فەرمانیان دروستکردنی تۆوەو دەردانی تێستێسترۆنە؛ کە هۆرمۆنی سەرەکیی توخمییە لە نێرینەدا و بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی تۆوەکان و پێشخستنی سیفەتە توخمییە دووەمییەکان لە نێرینەدا. هەروەها کاتێک تۆوەکان جووتەگون بەجێدەهێڵن، ئەوا لە ناو بۆرییەک کۆدەکرێنەوە، پێیاندەڵێن: ئالۆزە، تۆوەکان لە ئالۆزەدا پێدەگەن، پاشان دەگوازرێنەوە بۆ ناو بۆرییەکی دیکە، کە پێیدەڵێن: لوولەی گوێزەرەوە و لە کاتی تێپەڕبوونی تۆوەکان بە لوولەی گوێزەرەوەدا لەگەڵ شلەی چەند ڕژێنێک تێکەڵ دەکرێن، لەوانەیش؛ ڕژێنی پرۆستات، کە دەوری ملی میزەڵدان دەدات. بۆیە بەو تێکەڵەی شلەکان و تۆوەکان پێکەوە، دەڵێن: تۆواو، تۆواویش بە ڕێگەی ناو میزەڕۆدا بۆ دەرەوەی لەش دەڕوات. میزەڕۆش لوولەیەکە بە ناو چووکدا دەڕوات، چووکیش؛ کە ئەندامێکی دەرەکی نێرینەی مرۆڤە بۆ گواستنەوەی تۆواو بۆ دەرەوەی لەش بەکاردێت).

لەم دەقەدا مۆرکە تێپەڕەکان بریتین لە (و، یش،

یش، و، كە، و، و، هەروەها، ئەوا، كە، لە كاتی، لەگەڵ، یش، كە، بۆیە، و، یش، ش، یش، كە)، مۆركی ڕاڤەكاری ڕەمزەكانیش بریتین لە (نێرەكۆئەندامی زاوزێ...، جووتەگون...، ...پێیان دەڵێن: ئاڵۆزە، ...پێیدەڵێن: لوولەی گوێزەرەوە، ...ڕژێنی پڕۆستات...، ...دەڵێن: تۆواو، چووک...). مۆركی دەقەئاماژەیەكانیش بریتین لە (هەروەكو لە (شێوەی١)دا، ئەوەیش، لەوانەیش)، مۆركە چوارچێوەیەكانیش بریتین لە (كاتێک، پاشان) دەبینرێت.

لە دەقەكەدا سەرەڕای چێژ و ئاسانی، كە قورسی و نارێكی ناهێڵێت، مۆركەكانی مێتاگوتار خرانەڕوو، كە ئەمەش وادەكات كردەی تێگەیشتن و گەیاندنی پەیامەكە ئاسانتر بێت.

لە ئەنجامدا، مێتاگوتار لە پرۆگرامەكانی پەروەردەدا دەبێت نەک تەنها وەک بژاردەیەكی شێوازیی بناسرێت، بەڵكو وەک ئامرازێكی فێركردنیش، كە كاریگەری لەسەر چۆنییەتی گواستنەوە و وەرگرتنی زانیاری هەیە. مەبەستی نوسەر بە لێكدانەوەی قوتابی دەبەستێتەوە، دڵنیادەبێتەوە لەوەی كە كەرەستە پەروەردەییەكان هەردوو ئامانجی مەعریفی و پەیوەندیی جێبەجێ دەكەن. لەم ڕووەشـــەوە، بەكارهێنانی وردی مێتاگوتار لە پێكهاتەی ڕستە و دەقەكاندا ڕاستەوخۆ یارمەتیدەرە بۆ كاریگەری پرۆگرامەكانی قوتابخانە و ئامانجە پەروەردەییەكان، كە لەگەڵ پێداویستییە گەشەسەندن و زمانەوانییەكانی قوتابییان بگونجێت.

ئەنجامەكان

مۆركەكانی مێتاگوتار لە دەقە پەروەردەییە زانستییەكاندا كاریگەری زۆری لە گەیاندن و كردەی تێگەیشتن لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەیە، بەمەش ئەگەر كاریگەری لەسەر قوتابی دروستكرد، ئەوا پەیامە دیاریكراوەكە بە باشی دەگات. بۆیە دەتوانرێت پرۆگرامەكانی خوێندن لە ڕێگەی دەقەوە دابڕێژرێن، چونكە فێركردنی قوتابی لە ڕێگەی دەقەوە ئاسانتر و زانستیترە، هەربۆیە دەبینین لەو پرۆگرامانەی ئێستای پەروەردە، زیاتر هەوڵدەدەن "دەق" بكرێتە بنەمای فێربوون و فێركردن.

لە ناوەرۆكی كتێبی (زانست بۆ هەمووان)ی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیدا، وێنە كاتێک لە مێتاگوتاردا بە هاوكاری یەكەكانی زمان پەیامێكی دیاریكراوی گەیاند، ئەوا ئەو وێنەیە لە كتێبی خوێندندا نەک تەنها بۆ وێناكردنی ڕاستییەكان یان شتەكان بەكارهاتووە، بەڵكو بۆ ڕێنماییكردنی قوتابی لە چۆنییەتی تێگەیشتن یان كاردانەوە بەرانبەر بە دەقەكەش بەكارهاتووە و ئەو وێنەیەش بەهۆی یەكەكانی زمانەوە دەشێت ببێتە مێتاگوتار.

بەشێوەیەكی گشتیش ناونیشان نابێتە مێتاگوتار، بەڵام كاتێک ناونیشانێک بە ئاشكرا ئاماژە بە كردەی ئاخاوتن، خوێندنەوە و گفتوگۆكردنی خۆی بكات، هەروەها ڕێنمایی و ئاراستەكردن و كاریگەری لەسەر كردەی ڕوونكردنەوە لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەبوو؛ ئەوا دەبێتە مێتاگوتار. هەروەها زاراوەش بە تەنها نابێتە مێتاگوتار، بەڵام كاتێک لە چوارچێوەی دەقێكدا پێناسە دەكرێت، ئەوا واتا و بەها دەبەخشێتە زاراوەكە و واتای زاراوەكە ڕووندەبێتەوە و دەبێتە مێتاگوتار لە چێوەی دەقەكەدا.

پەراوێز:

١. تیۆرییەکەی (هایلاند) لە ساڵی ١٩٩٨و ساڵی ٢٠٠٤ بە هاوکاری "Tse" خراوەتەڕوو، بەڵام (هایلاند) لە ساڵی٢٠٠٥ بۆ یەکەمین جار لەسەر بنەمای تیرۆییەکانی تر، بەشێوەیەکی تێروتەسەلی خرایەڕوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩ جارێکی دیکە لەگەڵ چاپکردنەوەی کتێبەکەی دیسان بە هەمان شێوەی ٢٠٠٥ خرایەوەڕوو. بۆیە لە نێو ئەم پۆلانەدا و پۆلێنەکانی هایلاند خۆشی، ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە ئێستا هەڵبژێردراوە؛ مۆدێلی هایلاند ٢٠١٩ە، چونکە ئەو بە پەسەندتر بۆ تایبەتمەندییەکانی مێتاگوتار زانراوە، چونکە نوێترین و گشتگیرترین پۆلێنی تایبەتمەندییەکانی مێتاگوتارە. هەروەها ئاسانترین و تێگەیشتووترین و دروستترین پۆلێنە، کە ئاڵۆزی پۆلێنەکانی تری تێدا نییە. سەرەڕای ئەوەش، مۆدێلی هایلاند گونجاوە، چونکە ڕێبازێکی کرداری بۆ شیکردنەوەی دەقەکان دەگرێتەبەر. وای لێدەکات گونجاوتر بێت بە بەراورد لەگەڵ پۆلێنکردنەکانی تر. (Farahani 2019: 59)

٢. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی زاراوەناسی و زاراوەسازیی بڕوانە ئەم سەرچاوەیە؛ سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی، وەرگرتن‌و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نوسیندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩.

٣. ((... هەروەکو لە شێوەی ٢دا دیارە... شێوەی ٢ چۆن دوو گورچیلەکە خوێن دەپاڵێون؟١. خوێنبەرێکی گەورە خوێن بۆ هەر گورچیلەیەک دەبات. ٢. لە خوێنبەرە سەرەکییەکەی ناو گورچیلە لوولەی خوێنی زۆر بچووک جیادەبنەوە و بە یەکێک لە پێکهێنەرەکانی نیفرۆندا دەڕۆن. ٣. ئاو و هەندێ ماددەی دیکەی بچووک وەک: کلوکۆز و خوێیەکان و ترشە ئەمینییەکان و یۆریا لە لوولەکانی خوێن دەپاڵێورێن بۆ نفرۆنەکان،. ... ٦. بەو شلە زەردەی لەناو نیفرۆنەکاندا دەمێنێتەوە، دەڵێن میز، میزیش هەر گورچیلەیەک جێ دەهێڵێت بەهۆی بۆری میزەوە دەڕژێتە ناو میزڵدان، کە لە ناویدا کۆدەکرێتەوە.، ... .)). (وەزارەتی پەروەردە ٢٠٢٤: ٥١).

ئیش و توانا work and power، ترشەباران Acid precipitation، جووتە گونTestes، چووکPenis، ئاویتە ئایۆنییەکانIonic compounds، ترشەباران Acid precipitation.

سەرچاوەکان

به کوردی

– ئەمین، هەوار عومەر فەقێ (٢٠٢٢). بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندنا، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم.

–حسەین، شیلان عومەر (٢٠١٥). هەڵسەنگاندنی دروستەی کۆزانیاریی پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی خوێندنی کوردیی وەک نمونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ.٥ (٢)، ڕانیە.

–ڕەسووڵ، عەبدوڵڵا حسین (١٩٩١). ناکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– عزیز، سروە فەیسەڵ، (٢٠٢٢). هێزی زمان لە گوتاری سیاسیی کوردیدا شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران.

–فەرهادی، ساجدە عەبدوڵڵا (٢٠٠٣). ڕستەو پاش ڕستە– تێڕوانینێکی ئەرکی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

–فەقێ ئەمین، هەوار عومەر، (٢٠١٥). بنەماکانی زمانی پەروەردەی لە پرۆگرامی خوێندندا (خوێندنی زمانی کوردی وەک نمونە). نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان– فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سلێمانی.

– قادرو فەرەج، کاروان عومەر و شاخەوان جەلال (٢٠٢٣). فێرکردن لە نێوان ڕستە و دەقدا، https://www.

researchgate.net/publication/375958088.

- هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢٤). زانست بۆ هـەمـووان- پۆلی نۆیەم، بەڕێوەبەرایەیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان.

- ستاندارد کورد، ٢١-٥-٢٠٢٤:

https://www.facebook.com/watch/?v=478377094747966&rdid=ZKjSlhvp8Jn7wz37.

به ئینگلیزی

- Ädel, Annelie, 2006. Metadiscourse in L1 and L2 English, John Benjamins Publishing Company, Amsterdam_/_Philadelphia.

- Ädel, Annelie, 2010. Just to give you kind of a map of where we are going:

A Taxonomy of Metadiscourse in Spoken and Written Academic English, https://www.researchgate.net/publication/285777445.

- Aziz, Shazia& Riaz, Fakhira, 2024. Interacting with the audience: metadiscourse markers in top ten impact factor journal article abstracts in applied linguistics. journal of applied linguistics and tesol (jalt), vol.7.no.4 2024.

- Crismore, A. 1984. The rhetoric of textbooks: Metadiscourse. Journal of Curriculum Studies, 16(3), 279–296, http://dx.doi.org/10.1080/0022027840160306.

- Crismore, Avon. 1989. Talking with readers: Metadiscourse as rhetorical act. New York: Peter Lang.

- Crismore, Avon& Etal. 1993. Written Communication, Vol.10, No.1, Sage Periodicals Press.

- Crystal, David, 2008. A Dictionary of Linguistics and Phonetics, sixth Edition, Blackwell Publishing.

- Farahani, Mehrdad Vasheghani, 2019. Metadiscourse in Academic English Texts: A Corpus-based Probe into British Academic Written English Corpus, Research Journal Studies about Languages, No. 34, pp. 56-73, DOI 10.5755/j01.sal.34.0.21816

- Fairooz, Rashad Ahmed, 2023. Using Macro-Level Metadiscourse Coherence Devices in Written Texts: A Product Perspective, International Journal of Linguistics and Translation Studies, Volume 4, Issue 3, DOI: https://doi.org/10.36892/ijlts.v4i3.360.

- Hyland, K. & Jiang, K. 2022. Metadiscourse: The evolution of an approach to texts ،Text & Talk - An Interdisciplinary Journal of Language Discourse Communication Studies, DOI: 10.1515/text-2021-0156, https://www.researchgate.net/publication/363095209.

- Hyland, Ken, 1998. Persuasion and context: The pragmatics of academic metadiscourse, Journal of Pragmatics 30 (1998) 437455,

- Hyland, Ken, 2004. Disciplinary Discourses Social Interactions in Academic Writing, MICHIGAN CLASSICS EDITION, Published in the United States of America by The University of Michigan Press.

- Hyland, Ken, 2005. Metadiscourse Exploring Interaction in Writing, Continuum, The Tower Building, 11 York Road, London, SE1 7NX, 15 East 26th Street, New York, NY 10010, First published.

based study of metadiscourse features in Chinese-English simultaneous interpreting, Frontiers in Psychology,

- VYGOTSKY, Lev Semenovich, 1979. Mind in Society: The Development of Higher Psychological Processes, second printing, printed in the United States of America, Library of Congress Cataloging in Publication Data.

- Ünsal, Özlem, 2008. A comparative study of metadiscourse used in academic texts in the fields of science and social sciences, master of arts, English language teaching department, institute of social sciences, ÇUKUROVA University, Adana.

- Yasmin, Tayyabba, 2018. Generic and metadiscourse analysis of Pakistani academic writing, doctor of philosophy in applied linguistics, department of applied linguistics, govt. college university, Faisalabad,

به عەرەبی

– اللولو، فتحية صبحي، (٢٠٠٤). تقويم محتوى مناهج العلوم الفلسطينية للمرحلة العليا من التعليم الأساسي في ضوء المستحدثات العلمية المعاصرة، مؤتمر التربوي الأول المنعقد بكلية التربية في الجامعة الاسلامية، فلسطين.

– الزويني والعرنوسي و حاتم، ابتسام وضياء وحيدر (٢٠١٣). المناهج وتحليل الكتب، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

– بناجي، حياة، ( ٢٠٢٢). المصطلحات العلمية في كتب علوم الطبيعة والحياة لمرحلة التعليم الثانوي شعبة العلوم التجريبية آليات الوضع الشرح، مجلة اللغة الوظيفية، المجلد ٩،العدد ١.

– بلعباس، نجاة (٢٠١٨). مفهوم الصورة وفاعليتها

- Hyland, Ken, 2019. Metadiscourse Exploring interaction in writing, BLOOMSBURY ACADEMIC, Bloomsbury Publishing Plc, 50 Bedford Square, London, WC1B 3DP, UK,1385 Broadway, New York, NY 10018, USA.

- J, William and Kopple, Vande, 2012. The importance of studying metadiscourse, Applied Research on English, 10.22108/are.2012.15453, Volume & Issue: Volume 1, Issue 2.

- Khorosheva, Natalia Vladimirovna& Etal, 2021. Sequel as A Type of Metatext Practice: Philosophical Perspective, Propósitos y Representaciones, Special Number: Professional competencies for international university education, Mar. 2021, Vol. 9, SPE (2), e1105, http://dx.doi.org/10.20511/pyr2021.v9nSPE2.1105.

- Ledy, Neris Mayang, & Etal, 2024. metadiscourse markers in introduction, section of master theses in English education study program students at university of Bengkulu, wiralodra English Journal, Vol 8 No 2.

- Lemke, J. L. 1990. Talking science: language, learning and values: Norwood, NJ: Ablex.

- Naderi, J., Siami, T. 2022. A Study of Interactional Metadiscourse Markers in Inaugural Speeches of the U.S. and Russian Presidents Since 1990. Language Science, 9 (16), 395-412. Doi: 10.22054/LS.2023.66102.1530.

- Ren, Wen& Wang, Lu, 2023. A corpus-

في الحقل التعليمي، مجلة مشكلات الحضارة- المجلد ٧- العدد ٢، مجمع المخابر- جامعة الجزائر٢.

- حمادات، محمد حسن (٢٠٠٩). المناهج التربوية (نظرياتها- مفهومها- أسسها- عناصرها- تخطيطها- تقويمها)، دار الحامد، الطبعة الأولى، عمان.

- مصطفى، صـلاح عبدالحميد (٢٠٠٠). المناهج الدراسية عناصرها وأسسها و تطبيقاتها، دار المريخ للنشر، الرياض، المملكة العربية السعودية.

- مـفـتـاح، محمد عبد الـتـواب مـحـمـد(٢٠١٩). بنية الجملة والنص في أعمال تعليم الكتابة العربية مراجعة نقدية، مجلة كلية العـلـوم، جامعة الفيوم، https:// mkda.journals.ekb.eg/article_124494_b3f6e0b156b6762cac0420e0d6e648c8.pdf.

- ابراهيم، فاضل خليل (٢٠١١). أساسيات المناهج الدراسية، دار ابن الأثير للطباعة والنشر جامعة الموصل.

به فارسى

- فاميان، على رضاقلى، و كارگر، مريم، (٢٠١٣). تحليل مقالات نقد كتاب هاي زبان شناسى ايران بر اساس الگوي فراگفتمان هايلند، مجله پژوهش هاي زبان شناسى، سال پنجم، شماره دوم، پاييز و زمستان ١.

## الملخص

هذا البحث المعنون: أثر ما وراء الخطاب في النصوص العلمية التربوية، محاولة لتعريف وعرض أنواع ما وراء الخطاب، وقد افترض البحث أن ما وراء الخطاب له أثر في توصيل رسالة تعليمية تربوية في إطار علم النص مبينا تأثيره الفعال على تعليم الطلاب خاصة في مضمون كتاب (العلوم للجميع) حين يكون العنوان أو الصورة أو المصطلح ما وراء الخطاب في تبيان وتفسير المعلومة للطلاب، وإن حدود البحث يتجلى في إطار الموضوعات العلمية خاصة(العلوم للجميع) للصف التاسع الأساس، استنادا إلى المنهجين الوصفي التحليلي محاولا عبرهما تبيان أثر ما وراء الخطاب في إيصال رسائل علمية تربية إلى الطلاب.

الكلمات المفتاحية: ما وراء الخطاب، النص العلمي، المتفاعل، التفاعل، محتوى الكتاب المدرسي.

# The Role of Metadiscourse in Scientific Educational Texts

Abstract:

This research, titled: The Role of Metadiscourse in Scientific Educational Texts, is an attempt to identify and present the types and features of metadiscourse. This study hypothesizes that metadiscourse has an effect on conveying the message of education and learning within the framework of text construction (textuality) and creates an influence and interaction with the learner, especially within the content of the book (Science for All). Titles, images, or terminology become metadiscourse when they provide further explanation and interpretation for the learner within the framework of a specific scientific text. The scope of the research is limited to scientific subjects, specifically the (Science for All) textbook for the ninth grade (basic level). It relies on the (descriptive-analytical) method to explain metadiscourse in scientific educational texts.

eywords: Metadiscourse, Scientific Text, Interactive, Interaction, Textbook Content.